زانكۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2022-2023

| | | |
|---|---|---|
| College/ Institute | Khabat Technical Institute | |
| Department | The Legal Administrative Department | |
| Module Name | Introduction to the Study of Law-2 | |
| Module Code | ILS 105 | |
| Degree | Technical Diploma [x] Bachler [ ]<br>High Diploma [ ] Master Ph [ ] | |
| Semester | 2nd | |
| Qualification MA | Qualification MA | |
| Scientific Title | Assistant Proof. | |
| Credits | 8 | |
| Module type | Prerequisite [ ] Core [ ] Assist. [ ] | |
| Weekly hours | 5 | |
| Weekly hours (Theory) | ( 3 )hr Class | ( 10 )hr Workload |
| Weekly hours (Practical) | ( 2 )hr Class | ( 6 )hr Workload |
| Number of Weeks | 12 | |
| Lecturer (Theory) | جمعه قادر صالح سيان | |
| E-Mail & Mobile NO. | Jumha.salih@epu.edu.iq<br>07504546689 | |
| Lecturer (Practical) | جمعه قادر صالح سيان | |
| E-Mail & Mobile NO. | Jumha.salih@epu.edu.iq<br>07504546689 | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | **باسێکی کۆرس**<br>ئەو زانستە هەموو بابەتەکانی یاسا دەگرێتەوە، کە خۆی لە مانای یاسا وتایبەتمەندیەکانی وئەو رەگەزانەی کە لێی پێکهاتووە، ئەو سەرچاوانەی کە هێزی پابەندبوونی لێ وەردەگرێت. وە سەرچاوەکانی یاسا دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدان و لقەکانی یاسا وجۆرەکانی ئەو رێسایانەی کە لە ژیانی رۆژانەدا پەیرەو دەکرێت، وە چۆنیەتی زانیاری وەرگرتن لەسەر لێکدانەوەو رەتکردنەوەی رێگاکانی گەیشتن بە زانیاری دەربارەی حوکمەکانی ئەو یاسایە کە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەدا کە خۆی لە بیردۆزی یاسا دەبینێتەوە.<br>ئەو بابەتە تەنها خۆی لە بابەتەکانی بیردۆزی یاسا نابینێتەوە بەلکو بیردۆزی مافیش دەگرێتەوە، هەروەها حوکمی یاسا بەرامبەر رەفتارەکانی کۆمەڵگە و زاڵکردنی بەرژەوەندی هەندێکیان بەسەر هەندێکی ترەوە لە کاتی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکانیان لە کاتی پێدانی ماف بەیەکێکیان و پێدانی دەسەڵات بە دەسەڵاتی گشتی لەوبارەوە.<br>کەواتە پەیوەندی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان یاساو مافدا بەشێوەیەک دەتوانین بڵێین ماف هیچ نرخێکی نیە مادام یاسا دانی پێدا نەنێت و نەیپارێزێت.<br>دراسەکردنی زانستی یاسا دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر: یەکەمیان لێکۆڵینەوە لەیاسادا بۆ تێگەیشتنی بیردۆزەکانی یاسا، دووەمیان توێژینەوە دەربارەی ئەو مافانەی لە پەیوەندیە یاساییەکانی نێوان کەسەکان و رێگاکانی پارێزگاریکردنیان بۆ باسکردنی بیردۆزە گشتیەکەی. |
| **Course objectives** | **ئامانجی کۆرس**<br>ئامانج لەو کۆرسەی خوێندن گەشەپێدان وبەهێزکردنی توانای زانستی قوتابیانی قۆناغی یەکەمی بەشە کارگێڕیەکان بە گشتی و بەشی کارگێڕی یاسایی بە تایبەتی، وە ئامادەکردنیان بە شێوەیەکی باش. وە پێدانی زانیاری دروست لەو بارەوە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەو زانستی و رۆشنبیری وکارکردنی پراکتیکی. هەروەها ئامانجمان لەو پلانە ئەوەیە کە زانیاری تەواو بدەینە قوتابی لە بارەی سەرچاوەکانی پەیوەست بە بابەتی زانستی یاسا، چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانە. وە هۆشیار کردنەوەی قوتابیان دەربارەی گرنگی زانستی یاسا وەکو زانستێکی جیاواز لە کارگێڕی بنەماو رێسای |

| | |
|---|---|
| | تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەها ناساندنی گرنگی پێگەی زانستی یاسا کە بەشێکی دانەبڕاوە لە هەیکەلی ڕێکخستنی دەزگاو دامەزراوە نوێیەکان، وە پێدانی زانیاری بە قوتابیان کە زانستی یاسا سەربەخۆیە، وە فێرکردنیان لە بنەما جۆراوجۆرەکانی ئەو زانستە پڕ بایەخە بۆ شێوازێکی چالاک لە گفتوگۆکردن لە گەڵ جەماوەرو هۆشیارکردنەوەیان لەو بوارەدا. گومان لەوەدا نیە کە قوتابیانی کارگێڕی پێویستیەکی زۆریان هەیە بۆ فێربونی ئەو زانستە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی وورد و دروست و بە پێی پەیڕەوی دانراو کە بنیاد نرابێ لەسەر بنەمایەکی باشی زانستی و ئەکادیمی. هەروەها بۆ ئەوەی بەڵگەو دەرەنجامەکانیان بتەو و قایلکەر بێت. وە قوتابی پشت ئەستوور بێ بە باوەڕ بە خۆبوون وئەو بەرنامەو پرۆگرام و ڕیگەی کە گرتۆتیەبەر لە خوێندنی بابەتی زانستی یاسا. لە کۆتایی بە فێربوونی ئەو بابەتە قوتابیان دەبنە کەسی کارامەو شارەزای باش لە بواری زانستی یاسای پەیڕەوکراو لە کارگێڕیدا. |
| **Student's obligation** | **ئەرکی قوتابیان**<br>**پێویستە قوتابیان پابەندی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێن:**<br>• پابەند بوون بە دەوام و ئامادەبوون لە کاتی وانەکاندا.<br>• دوای تێپەڕبونی (٥) خولەک لە هاتنی مامۆستای بابەت بۆ هۆڵی خوێندن ڕێگە دەدرێت قوتابی دواکەوتوو بێتە ژورەوە بۆ ئەوەی بابەتەکەی لە دەست نەچێت، بەڵام بە بێوار (غیاب) هەژمار دەکرێت.<br>• پابەند بوون بە تاقیکردنەوەکانی کتوپڕ و لەناکاودا ( کویز).<br>• ئامادەکردن وپێشکەشکردنی ڕاپۆرت و سیمنار و پەیپەرو وگفتوگۆی تایبەت بە بابەتەکە.<br>• کارکردن بە شێوەی گروپ لە ئەرکەکانیاندا.<br>• پابەندبوونیان بە ئەرکی ماڵەوە تایبەت بە زانستی یاسا.<br>• پابەندبون بە ئامادەبون لە تاقیکردنەوەکانی وەرزیدا.<br><br>ڕێگە نادرێت تاقیکردنەوە دووبارە بکرێتەوە مەگەر بە بیانویەکی قایل کەری پزیشکی پشت ڕاستکراوە لە لیژنەی نەخۆشخانە حکومیەکان. |

**Required Learning Materials**

**ئامرازەکانی فێرکردن**

لە ماوەی ئەمساڵی خوێندن دا قوتابیان فێردەکرێن بە هۆی بەکارهێنانی هۆیەکانی نوێی فێرکردن وەکو کۆمپیوتەری کەسی ( لاپتۆپ) و داتاشۆ بە پیشاندانی بابەتە زانستیەکان لە ڕێگەی سلایدە ئامادەکراوەکان لە ڕێگەی بەرنامەی پاوەر پۆینت و وۆرد و بەکار هێنانی بۆردی سپی هەڵواسراوی دیواری و نمونەی پەڕاوە جۆراوجۆرەکانی زانستی یاسا و هۆکارەکانی تری زانستی وەکو هۆیەکانی پەیوەندی( ڤایبەر، ماسنجەر، ....هتد). هەروەها هەڵبژاردنی ناونیشانە سەرەکیەکان و لاوەکیەکان و برگە سەرەکیەکان وبابەتە گرنگەکان و شەرح کردن و قسەکردن لەسەریان کە پێویستیان بە ڕونکردنەوە هەبێت. ئەو هۆکارانە سەرنجی قوتابی ڕادەکێشێت بۆ وەرگرتن و تێگەیشتنی زیاتری بابەتەکە و سود وەرگرتن لە تەواوی بابەتەکە. پێویستە لەسەر قوتابیان کە بەدواداچونی تەواوی بابەتەکە بکەن و بیروهۆشیان لەسەر بابەتەکە بێت لە کاتی شەرحکردنی بابەتەکە. هەروەها پێویستە پابەند بن بە دەوامکردن. لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی قوتابی و تێگەیشتنی بابەتەکان پەیوەستە بە بەشداری کردنی قوتابی و ئاراستەکردنی پرسیار و گفتوگۆکردن لە ناو هۆڵی خوێندندا و چەسپاندنی بابەتە گرنگەکان لە ناخی بیری قوتابیان ئەمەش بە بەشداری کارای قوتابیان دێتەدی.

**Assessment scheme**

| Task | | Weight (Mark | Due week | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Paper Review | | | | | |
| Assignment | Homework | 10 | | | |
| | Class Activity | 2 | | | |
| | Report | 8 | | | |
| | Seminar | 8 | | | |
| | Essay | | | | |
| | Project | | | | |
| Quiz | | 8 | | | |
| Lab. | | | | | |
| Midterm Exzam | | 24 | | | |
| Final Exam | | 40 | | | |
| Total | | 100 | | | |

| | |
|---|---|
| **Specific learning outcome:** | **دەرەنجامی فێربوونی قوتابیان لەم کۆرسە**<br><br>دوای کۆتایی هاتنی ئەو کۆرسە لە فێربونی بابەتی زانستی یاسا دەرەنجامی باشی بۆ قوتابیان دەبێت لە فێربونی ئەو زانستە گرنگە بەهەموو شێوازەکانیەوە، هەروەها نەهێشتنی ئەو کەموکووڕیانەی کە قوتابی هەیەتی لەو بارەوە کە لە بواری کارگێڕیدا سوودی لێ وەردەگرێت ، وە فێربونی ئەو بابەتە پەیوەندی بەتینی هەیە بەپەیداکردنی هەلی کار لە دەرەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت وکەرتی گشتی و زانکۆکان و ڕای گشتی وەکو کەرتی تایبەت وکۆمپانیاکان سودی لێ دەبینێت، کە ڕێنیشاندەرە بۆ ئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن تاکو هەلی کار بۆخۆیان پەیدا بکەن وە لە میانەی کارکردنیان لە کارگێڕی وبوارە جیاوازەکانی تری پەیوەست بەکارگێڕی سەرکەوتوبن. هەروەها بۆ کەرتی گشتی سوودی زۆری هەیە لە هۆشیارکردنەوەو پێگەیاندنی کادیری چالاک لەو بوارەو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بوارەکانی زانستی یاسادا. |
| **Course References:** | **لیستی سەرچاوەکان**<br><br>١. د. عبدالباقي بكري، د. زهير البشير: المدخل لدراسة القانون، المكتبة القانوينة، بغداد، ١٩٨٩.<br>٢. حسن كبيرة: اصول القانون، دار المعارف بمصر، الطبعة الثانية، ١٩٦٠.<br>٣. محمد طه بدوي: القاعدة القانونية، دار المعارف بمصر، ١٩٥٤.<br>٤. علي حسين خلف: الوسيط في شرح قانون العقوبات، بغداد، ١٩٦٨.<br>٥. مالك دومان الحسن: المدخل لدراسة القانون، بغداد، ١٩٧٢.<br>٦. علي علي منصور: المدخل للعلوم القانونية والفقه الاسلامي، ١٩٦٧. |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| تعريف الحق- المذهب الشخصي – المذهب الموضوعي- المذهب المختلط- المذهب الحديث – موقف ق.م. العراقي | یەکەم | |
| انواع الحق- تقسيمات المختلفة لالحقوق العينية | دووەم | |
| الحقوق الاصلية. | سێیەم | |
| الحقوق العينية والتبعية | چوارەم | |
| الحقوق الشخصية | پێنجەم | |
| صور الحق الشخصي | شەشەم | |
| اركان الحق | حەفتەم | |
| محل الحق (الاعمال والاشياء) | هەشتەم | |
| مصادر الحق | نۆیەم | |
| الواقعة القانونية | دەیەم | |
| التصرف القانوني | یازدەهەم | |
| الحماية القانونية للحق | دوازدەهەم | |

| Practical Topics | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

# Questions Example Design

**پرسیار و وەڵامی نموونەیی:**

**پ/١ پێناسەی ئەو زاراوە یاساییانە بکە ( ماف بەپێی بۆچوونی نوێ، بەرپرسیاریەتی یاسایی، کەسی ئیعتباری )**
**وەڵام/**

**ماف:** بەدەستهێنانی بەهایەکی دیاریکراو کە یاسا رێگەی پێ دەدات بۆ کەسێک و دەیپارێزێت

**بەرپرسیاریەتی شارستانی** بریتیە لە سزای زیانگەیاندن لە بەرژەوەندی تایبەت لە میانەی پابەندبووندا بە قەرەبوو کردنەوەی زەرەر لە سەر داوای زیان لێکەوتوو.

**کەسایەتی اعتباری (الشخص الاعتباری):** ئەو کەسایەتیە یاساییە کە وەکو کەسی ئاسایی هەڵس و کەوت دەکات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی دیاریکراو.

پ/٢ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ووشەی گونجاو پڕ بکەوە:

١. بەشێوەیەکی گشتی ماف دابەش دەکرێت بۆ ماڤی رامیاری و ماڤی شارستانی
٢. روکنەکانی ماف بریتیە لە خاوەن ماف و بابەتی ماف
٣. شایستە بوون ( الاهلیە) دوو جۆرە اهلیە الوجوب و اهلیە الاداء

پ/٣ ووشەی راست یان هەڵە بەرامبەر ئەو رستانەی خوارەوە دابنێ

١. ماڤی بەکارهێنان و حەوانەوە هیچ پەیوەندی ماڤی پاشکۆییەوە نیە ( راستە)
٢. کەسایەتی یاسایی تەنها بە مردنی راستەقینە کۆتایی دێت ( هەڵەیە).
٣. ناو جیاکەرەوەی کەسەکان نیە ( هەڵەیە)

پ/٤ لقی أ/ بە کورتی باسی تایبەتمەندییەکانی مافە گشتیەکان بکە؟
وەڵام/

١. مافە گشتیەکان نافەوتێت ئەگەر بەکاریش نەیەت، وە بەتێپەڕبوونی کات لەدەست ناچێت. بۆ نموونە بەرهەمی دانەرێک بە ناوی کەسێکی تر بڵاوبێتەوە جگە لە نوسەر دوای ماوەیەکیش بێت ئەو کەسە ناتوانێت ئەو مافە بەدەست بێنێت بەڵکو ئەو مافە

بۆ دانەر دەگەڕێتەوە.

٢. مافە گشتیەکان یان مافە لکێنراوە کەسیەکان دابەزاندن ( التنازل) ی لێ ناکرێت وە هەڵس و کەوت ( تصرف)ی پێ ناکرێت. واتە لە سنووری مامەڵە پێکردنەوە نیە. بۆ نموونە نەخۆش ناتوانێت لە گەڵ پزیشک ڕێک بکەوێت کە روحی بکێشێت بۆ ئەوەی لە نەخۆشیەکەی رزگاری بێت کە چارەسەری نیە.

٣. مافە گشتیەکان یان مافە لکێنراوە کەسیەکان مافی دارایی نیە، واتا بە پارەو ماڵ هەڵناسەنگێنرێت. بەڵام ئەگەر دەست درێژی بکرێتە سەر ئەو مافە ئەوا دەست درێژیکار پێویستە قەرەبووی ستەملێکراو بکاتەوە.

٤. مافە گشتیەکان یان مافە لکێنراوە کەسیەکان لە ڕێگەی میراتەوە ناگوازرێتەوە، واتا ئەو مافە لەگەڵ مردنی خاوەنەکەی کۆتایی پێ دێت.

پ٤/ لقي ب/ وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە؟

٤. کەسایەتی یاسایی کۆتایی دێت بە ( مردنی ڕاستەقینە، بەحوکمی یاسا، مردنی ڕاستەقینە و بە حوکمی یاسا، هیچیان ڕاست نیە)


٥. دابەشکردنی شتەکان لە رووی جێگیرییانەوە دابەش دەکرێن بۆ ( عقار، منقول، عقار ومنقول، هیچیان ڕاست نیە)

٦. سەرچاوەکانی ماف بر يتيە لە ( ڕوداوی یاسایی، ڕوداوی سروشتی، ڕوداوی مرۆڤایەتی، ڕوداوی یاسایی و هەڵسوکەوتی یاسایی)

پ/٥ بەشەکانی ماف وێنا بکە؟

وەڵام/

**بەشەکانی ماف**



**Extra notes:**

# External Evaluator

This coursebook contains all the necessary components that can be used as a guide by the students during the semester. The coursebook also includes important elements such as objectives and learning outcome of the module. The lecturer has also included some samples of questionnaires that can benefit and work as guide for students for their revisions period. The coursebook has also enshrined some references that students can refer to if they are interested to explore the studies further. For the reasons mentioned, I confirm that this coursebook satisfies the quality assurance requirements and I recommend that students have a copy so that they can refer to throughout the semester.



Dr. Abdullah Omar Yassen

PhD in International Law

Erbil College of Technical Administration

Erbil Polytechnic University

17.10.2021